وەزارەتی دارایی عێراق: دابەشکردنی مووچەی مانگی پێنج دەستپێدەکات

وەزارەتی دارایی عێراق دەستی بە دابەشکردنی مووچەی مانگی پێنج کرد، هەرچەندە هێشتا مووچەی مانگی چواری وەزارەتی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان دابەش نەکراوە.

ئەمڕۆ سێشەممە، وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاند، فەرمانگەی ژمێریاریی وەزارەت دەست بە دابەشکردنی مووچەی مانگی ئایاری فەرمانبەران و کارمەندانی هێزە ئەمنییەکان دەکات.

داواشی لە یەکەکانی ژمێریاری وەزارەت و پارێزگا و دەستە سەربەخۆکان کرد سەردانی فەرمانگەی ژمێریاری وەزارەتی دارایی بکەن بۆ تەواوکردنی کارەکانی وەرگرتنی مووچە.